# وەرگرتنی کرێ لە بەرامبەر قورئان خوێندن لە تەعزیەدا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**موفـتی : شێخ موحەمەد ساڵح العثیمین**

**ڕەحمەتی خوای لێ بێت**

**وەرگێڕان : دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز**

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ قبض المال مقابل قراءة القرآن في التعزية ﴾

« باللغة الكوردية »


إفتاء الشيخ: محمد بن صالح العثيمين

رحمه الله تعالى

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز



2010 - 1431

islamhouse.com

# وەرگرتنی کرێ لە بەرامبەر قورئان خوێندن لە تەعزیەدا

پرسیارێکەو لەلایەن شێخ محمد بن صالح العثیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) وەڵام دراوەتەوە :

**پرسیار :** ئایا دروستە بۆ کەسێك کە سورەتی فاتحە لە تەعزیەیەکدا بۆخوێنێت وپاشان پرێك پارە لەخاوەن تەعزیەکە وەربگرێت ؟ ئایا ئەو پارەیە حەڵاڵە یان حەرامە ؟

**وەڵام :** دروست نیە بۆ هیچ کەسێك پارە وەربگریت لەبەرامبەر قورئان خوێندندا، بەڵام دروستە وەرگرتنی پارە یان کرێ لەبەرامبەر فێرکردنی قورئانی پیرۆز لەهەر کەسێك چونکە فێرکردنی قورئانی پیرۆز سوود وکەڵکەکەی بۆ خەڵکی ترە، بەپێچەوانەی وەرگرتنی کرێ لەبەرامبەر خوێندنی قورئان لەتەعزیەدا کە خویندنەکەی تەنها لە پێناو پارەکەدایە، جا ئەو برا بەڕیزەی کە پرسیارەکەی کردوە ئەگەر هەر پارەیەکی وەرگرتووە لە هاوەڵەکەی لەو کارەیدا با بیگێڕێتەوە بۆی .

بەنسبەت ئەو ووتەیەشی کە دەڵێت خوێندنی سورەتی فاتحە لەتەعزیەدا، ئێمە دەڵێن : ئەمەش یەکێکە لەو بدعە و داهێنراوانە کە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا داهێنراوە، چونکە نە پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) و نە خولەفای ڕاشیدین و نە هاوەڵە بەڕێزەکانی ( خوایان لێ ڕازی بێت ) کارێکی لەو شێوەیەیان نەکردوە و سورەتی فاتحەیان نەخوێندوە لە کاتی تەعزیەدا، تەنها ئەوەیان کردوە کە سەرەخۆشی وتەعزیەیان لەو کەسە کردوە کە موصیبەتەکەی بەسەردا هاتووە و کەسەکەی لێ مردووە ئەویش بەشێوەیەك هەرکەسە و بەشێوەیەك کە توانرا بێت باری ئەو کەسەی کە موصیبەتەکەی بەسەردا هاتووە کەمێك سووك بکەن وبەسەرخۆشی لێکردن بەهێزی بکەن لە بەرامبەر ئەو نارەحەتیەی کە بەسەریدا هاتووە، چونکە ووشەی ( **التعزية** ) لە زمانی عەرەبیدا بەواتای ( تقوية = بەهێز کردن) دێت، بۆیە دەبینین کە پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) سەرەخۆشی یەکێك لە کچەکانی بەم ووتە بەنرخە کردوە کاتێك کچێکی لەکچەکانی کەسێك ئەنێرێت بۆلای، ئەویش بەو نێرراوە ئەڵێت کە بەکچەکەی بڵێت : (مرها فلتصبر ولتحتسـب فإن لله ما أخذ وله ما أبقى وكل شيء عنده بأجل مسمى ) { ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە } واتە : فەرمانی پێ بکە کە ئارام بگرێت وچاوەڕوانی ئەجر

وپاداشتی خوای گەورە بێت، چونکە خوای گەورە دەسەڵاتی هەیە کە هەرچیەك هەیە بیکات و بیباتەوە بۆلای خۆی، وە هەرچیەکیش بیەوێت بیهێڵێتەوە و وازی لێ بهێنێت، وە هەموو شتێکیش لای پەروەردگار ئەجەل و کاتێکی دیاری بۆ دانراوە .

بۆیە سوونەتە لە ســەرەخۆشی کردنی کەسی تەعزیە باردا ئەم ووتەیەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بوترێت، چونکە بێگومان ئەو ووتە بەنرخ و گەورانە کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر دڵ ودەروونی ئەو کەسەی موصیبەتەکەی بەسەر هاتووە بەشێوەیەك ئاورشێنی دل ودەروونی دەکات ئارامی پێ پەیدا دەکات وئەو باوەڕەی لا دروست دەکات کە ئەگەر ئارام بگرێت لەبەر رەزامەندی خوای گەورە ئەوە پەروەردگاری پاداشتی زۆر گەورە ونەپراوەی دەداتەوە، وە فێری ئەوەش دەبێت کە خوای گەورە دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتێکدا ئەوەی بیەوێت دەیباتەوە بۆلای خۆی وئەوەشی ئارەزوو بکات دەیهێڵێتەوە، خۆی مەلیك وپادشای هەموو جیهان وخاوەنی هەموو شتێکە وبە وویستی خۆی تەصەڕوف دەکات تێیدا بەبێ ئەوەی کەسێك بتوانێت ڕیگری لێ بکات یان دەست پێش بخات بەسەر فەرمانی ئەودا وهەموو شتێك لای ئەو زاتە پیرۆزە بە ئەجەل وکاتی دیاری کراوە، لەبەر ئەوە خۆ ناڕەحەتکردن و غەمباری هیچ سوود وکەڵکێکی نیە، ئەگەر چی مرۆڤ بە لەدەستدانی عەزیزان و خۆشەویستانی لەدونیادا هەر دڵ تەنگ و ناڕەحەت دەبێت، هەروەك چۆن پێغەمبەری خواد ( صلى الله عليه وسلم ) لەکاتی وەفات کردنی ئیبراهیمی کوریدا فەرمووی: ( القلب يحزن والعين تدمع ولا نقول إلا ما يرضي الرب وإن لفراقك يا إبراهيم لمحزونون ) { ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە } واتە : دڵ ناڕەحەت و خەفەت بار دەبێت و چاوەکانیش ئەشك و فرمێسك دەڕێژن، بەڵام شتێك ناڵێین کە خوای گەورە پێی ڕازی نەبێت، بەڕاستی جودا بوونەوەت ئەی ئیبراهیم خەفەتباری کردین .

جا بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤی باوەڕدار کە ئارام بگرێت وشتێك نەڵێت یان شتێك نەکات کە ناڕەزایی خودا بگەیەنێت یان بەڵگە بێت لەسەر بێ ئارامی .

خوای گەورەش لەهەموو کەس زانا وشارەزاترە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی شێخ محمد بن صالح العثيمين ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەگەڵ بەرنامەکانی ( نور على الدرب ) .